پارتی لیبرال دیموکراتی کوردستان

Liberal democrats of Kurdistan

www.pldk.org

## بۆچوونمان بەرانبەر بە فیدرالیزمی باشووری کوردستان

پ ل د ک، هەرچەندە خەباتی سەرەکی، هەمیشە بۆ کوردستانیکی سەربەخۆیە. بەڵام بێگومان، لە هەڵومەرجی ئەمڕۆدا، و لە جوارچێوەی سیستێمێکی دیموکراسیدا، لەگەڵ هەموو هەنگاوێکە کە سەربەخۆییەکی پتر بە هاوڵاتیی کوردستانیی و کوردستان ببەخشێت. بۆیە نەک هەر پشتگیریی لە پرۆژەی فیدرالییەتی کوردستانی باشوور دەکات، بڵکو بەکارهێنانی سیستێمی دەولەتی فیدرالی لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، هەم بە هەنگاوێکی دروست دەبینێت بەرەو چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان و هەم بە رێخۆشکەرێکیش دەبینێ بۆ دروستکردنی یەکیەتییەکی ئابووریی نوێ کە بتوانێت بەربەرەکانی هەرێمە ئابووریەکانی تری جیهان بکات.
بەڵام ئێمە فیدرالییەتێکمان پێ پەسەندە کە گشت کوردستانی باشوور بێ داپاچیین و بەشکردن بگرێتەوە. واتە پ ل د ک لە گەل فیدرالیزمێکی جوگرافییە کە هەموو هەرێمی کوردستانی باشوور بگرێتەوە. ئێمە لەگەڵ ئەوە نین کە لە رێگەی ئاماری دانیشتوانەوە بڕیاربدرێت کوێ کوردستانە. کوردستانی باشوور خاوەن نەخشەیەکی جوگرافی دیارە. خاکی کوردستانیش کوردستانە جا گەر یەک تاکە کوردی لەسەر بژی یان نا. هەموو کەسێکی لە ناو سنووری کوردستاندا بژی هاوڵاتییەکی کوردستانییە و خاوەن مافە. کوردستانی ئێمە وڵاتێکی فرە رەنگ و دین و رەگەزە. لە کۆتایدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە پارتیمان دژ بەوەیە کە هەرێمی کوردستانی باشوور لە نێوان پارتەکاندا دابەش بکرێت و بکرێت بە دوو هەرێمی فیدرالیی جیاواز. خەباتی ئیمە بۆ ولاتێکی ئازاد و مرۆڤێکی شادومانە.

### کوردستانێکی ئازادو هاوڵاتییەکی هۆشمەند و تەندروست و دەوڵەمەند

www.pldk.org
name@pldk.org

هەر بژین
ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی پارتی لیبرال دیموکراتی کوردستان